# خەڵکی کەرکوک لە محەکی غەدردا

حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ
husin966@yahoo.com



ئەگەر بە شێنەیی قسە و باس لەسەر قۆناغە مێژووییەکانی کورد بوونی شاری کەرکوک بکەین ئاوا زیاتر لە تێزی دکتۆرایەك هەڵدەگرێت ، ئاسەوارە دێرینەکان و بەڵگە و دیکۆمێنتە مێژووییەکان لەسەر کورد بوونی خەڵکی ئەم شارە زۆر و زەبەندن و کەس ناتوانێ نکۆڵی و حاشای لێبکات ، بەڵام لە کورتە باسێکی ئاوادا دەکرێ ئاماژە بۆ ئەو دۆخە سیاسییە بکەین کە بڕیار و حوکمێکی مێژووی و چارەنوسساز دەستە و یەخەی ئەو شارە بووتەوە رەهەندە مێژووی جوگرافییەکان فەرامۆش و پشتگوێ خراون و تەنها راپرسی و ریفراندۆم دۆزەکە و کورد بوونی یەکلای دەکاتەوە .

ئەگەر ئاورێکی خێرا لە مێژوی ئەو شارە بدەینەوە ئەوە بۆمان دەردەکەوێت هەر لەسەروبەندی دروست بوونی دەوڵەتی ئێراقدا سەرەتا مشتومرێکی گەورە لە نێوان نمایندەکانی تورکیا و ئێراقدا بە چاودێری راستەوخۆی وڵاتە زلهێز و بڕیار بەدەستەکانی ئەو سەروەختەی دونیا لەسەر ویلایەتی موسڵ دروست بوو کە هەر لایەك هەوڵی دەدا و دەیویست ئەو ویلایەتە بە خەڵك و خاکەوە بکەوێتە ژێر رکێف و دەسەڵاتی خۆیەوە و بەشێك بێت لە سنوری قەڵەمرەوی دەوڵەتەکەی خۆی ، پاش بێنە و بردەیەکی زۆر دەرئەنجام بڕیاری لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی ئێراقەوە لە رێگای راپرسیەکی ساختەوە درا ، ئیتر شاری کەرکوك بووە تەوەری سەرەکی قسە و باس و گفتوگۆکانی نێوان رژێمی ئێراقی و بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد تاکو ئەم ساتە وەختانەش سەرکردایەتی سیاسی کورد لەگەڵ رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی ئێراق لەسەر پرسی کەرکوك دانوسانیان کردووە و یەکێك بووە لە خاڵە هەرە ئاڵۆز و ناکۆك و بەیەکنەگەیشتوەکانی نێوان هەردوولا ، کورد مافی رەوای خۆی بووە و ئەوانیش نکۆڵیان لە دانی ئەو مافە کردووە ، داکۆکی کردنی کوردان بەو هۆ و سۆنگەیەوە نەبووە کە شاری کەرکوك دەوڵەمەندە بە نەوت و کانزا سەر زەمینی و ژێر زەمینیەکانی بەڵکو راستیە مێژووی و جوگرافیەکان ئەوە دەسەلمێنن کەرکوك هەمیشە بەشێکی دانەبراو بووە لە خاك و جوگرافیای و مێژووی کوردستان .

گەرید و رۆژهەڵاتناس ( ارشاك سافرستان ) لە کتێبی ( کورد و کوردستان )دا باس لەوە دەکات کە بۆچوونێکی وا هەیە ناوی کورد لە ناوی یەکێك لە قەبائلە کۆنەکانی کوردەوە وەرگیرا بێت ئەویش قەبائلی (گۆتی ) یە ، بە تێپەڕ بوونی کات و سەردەم ئەو ناوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووەبە ( کورد ) خۆیشی پشتگیری ئەو را و بۆچوونانە دەکات کە تۆماری کردووە ، ( ئاربخا یان سلۆقس ) کە ناوی کۆنی شاری ئێستای کەرکوکە چەندین سەدە بەر لە هاتنە دنیای مەسیح پایەتەختی گوتیەکان بووە کە دەکرێ بووترێ کەرکوك هاوشانی ئەکباتانا ( هەمەدان ) پایەتەختی کوردان بووە لە سەردەتای ئاشنابوونی مرۆڤ بە دەزگا و دامەزراوە دەوڵەتی و بەڕێوەبردن و کارگێڕی کۆمەڵگا بەشەریەکانی ئەو سەردەم و زەمەنانە .

پێش هاتنی ئیسلام و تاکو سەردەمی فتوحاتی ئیسلامی هیچ عەرەبێك لە قەڵەمرەوی دەسەڵاتی ساسانیەکاندا و هەرێمی چیاکاندا نەبووە ، دوای هاتنی لەشکری ئیسلام بۆ ناوچەکە هەندێك ماڵە عەرەب هاتنە باشور و ناوەڕاستی ئێراقی ئێستا ، بەهۆی ژیانی کۆچەری و مەڕدای و بە خێو کردنی مەڕ و ماڵاتەوە لە شێوەی رەوەند هەندێکیان تاکو نزیکی سنورەکانی کوردستان هاتوون ، بەڵام لە ژێر کاریگەری پیادەکردنی سیاسەتی پاکتاوی نەژادی و تەعریب و تەرحیلدا رێژەیەکی زۆر لەو ماڵە عەرەبانە لە رێگای بەخشینی ئیمتیاز و دەم چەور کردنەوە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستدا هاتنە شاری کەرکوك و چەندین کۆمەڵگا و گەڕەکی نوێیان لە سەرەوختی دەسەڵاتی سەدام حوسێندا لە شاری کەرکوك و دەوروبەردا بۆ دروستکرا .

دواى نغرۆ بوونى یەكجارەكى دەسەڵاتى دیكتاتۆرى لە ئێراقدا كوردە ئاوارەو دەركراوەكانى شارى كەركوك ئۆغژنێكیان بە بەردا هاتەوە كە مەینەتى و ئاوارەى و دەربەدەرى كۆتایى هاتووە دەرویەكى خێریان لێكراوەتەوە ئیتر دەتوانن بە ئاسودەى و بێ هیچ ترس و سڵمینەوەیەك بە كامەرانى لەو شارەى كە گۆڕى كەس و كار و یادەورەیەكانیانى لێیە بژێن ، بەڵام مەخابن ئەم هیوا و ئاواتەیان بەتەواوى نەهاتەدى چونكە ئەوانەى كە رژێمى ئەفلەقى بۆ پیادەكردنى گۆڕینى سیما و مۆركى كوردانەى ئەو شارە ئەنجامى دابوو بە ئاسانى رەش نەكرایەوە ئەمە سەربارى ئەوەى كە هەندێك لەدەسەڵاتدارانى دواى سەدامیش لەسەر هەمان رێڕەو دەچوون لەمەڕ جێگیر كردنى سیاسەتى تەعریب و پشتگیرى ئەوسیاسەتیان بەوە دەكرد كە عەرەبە هاوردەكان لەو شاردا بمێننەوە و بە ئاسانى كۆڵندەن هەرچەند لەسەر ناهەقن ، لە باسەكانى ربردوومدا هەندێك ئاماژەم بەو كۆسپ و تەگەرانە كردووە كە فەرمارەوایانى ئێراقى ئەمڕۆ خۆیان گرفت دەخەنە بەردەم جێبەجێ كردنى مادەى (140) لە دەستورى هەمیشەى ئێراقدا بۆیە نامەوێت جارێكى دیكە بگرێمەوە سەر ئەو باسو خواسانە .

هەندێك بڕگە لەمادەى (140 ) ى دەستوردا بە حیساب خراونەتە بەر پراكتیزەكردن بەڵام لە ناوەرۆك وجەوهەردا سودێكى ئەوتۆى تێدا نییە بۆ كورد چونكە ئەوەندە شەرت و مەرجیان دانەوە كە ژمارەیەكى یەكجار كەمى كورد سودمەند دەبن لە و بڕگە و بابەتانەى كە كەوتووەتە وارى جێبەجێكردنەوە و لەلایەكى دیكەوە زەمینەى رەخساندوە بۆ ئەوەى عەرەبە هاوردەكان نەگەڕێنەوە و كوردەكانیش هەرچەندە بڕە پارەیەكى نیو ئەوەندە عەرەبە هاوردەكانیان پێدەدرێت بەڵام داواى سەرژمێرى ساڵى 1957 یان لێدەكرێت كە ئەویش دنیایەك چەواشەكارى و تەزویر كارى لە سەردەمى رژێمەكانى پێشووى ئێراقدا تێدا كراوە .

هەقە لایەنە پیوەندیدارەكان چاوێك بەو بڕگە وخاڵانەدا بخشێننەوە تاكو زۆر ترین ژمارەى كوردە ئاوارە بووەكانى شارى كەركوك قەرەبوو بكرێنەوە و هەل و دەرفەتێكیان دەست بكەوێت بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر پیشە و ئیش و كارى پێشوویان گوزەرانى ئاسایى خۆیان دەست پێبكەنەوە نەك كرێچى و كرێكارى ئەو عەرەبە هاوردانە بن لە شارەكەى خۆیاندا .